

# (دۆنگیی)یەکانی کوردستان کەی رادەپەڕن!؟

بەختیار مام حەمید

زنجیرە درامای کۆریی (دۆنگیی) کە لە سەر شاشەی کوردسات تی ڤی،پێشکەش دەکرێت و نزیکەی ٨٨ ئەڵقەیە،لای زۆربەمان ئاشنایەو واتایەکی فرە جوانی هەیە،بە کورتی ئەم درامایە باسی نزیکەی ١٦٠ ساڵ پێش ئێستای کۆریای باشور دەکات،زۆر بە ڕوونیی باسی ئەو سەردەمە دەکات،جیاوازیی چینایەتی بەشێکی هەرە گرنگی ئەم دراما یان ئەم چیرۆکەیە،دۆنگیی ئەو کچەیە کە لە پلەنزمەکانەو زۆر وریاو لێهاتوە،زۆربەی هەرە زۆری پلەبەرزەکان یان خانەدانەکان دژایەتیی دەکەن و نایەڵن تواناکانی پێش بخات بۆ ئەوەی دەسەڵات و پلەکان تەنیا موڵکی خۆیان بێت،بەڵام خاتوو دۆنگیی گوێ بەوان نادات و هەمیشە ڕووەو سەرکەوتن دەڕوات و لەم پێناوەدا لە لایەن خاوەن پلەکانەوە توشی چەندین جۆر گیروگرفت دەبێت،هەر چەندە پلەدارەکان زۆر تەمەڵ و تەوەزلن و کارەکانیان بە باشیی ڕایی ناکەن،بەڵام هێشتا لە پێش دۆنگییوەن،ئەوەی گرنگە لە کۆتاییدا دۆنگی دەگاتە ئاواتەکانی و کۆتایی بەو دۆخە ناخۆشە دەهێنێت، بە هەرحاڵ ئەم باسە زۆر دەبات بەڵام ئێمە پەیوەندی دەکەین بە دۆخی ئێستای باشوری کوردستانەوە،لەم وەڵاتەدا هەزاران دۆنگییی (کچ و کوڕ) ی بەهرەمەندو دڵسۆز و دەستپاك و بە تواناو کارکەر بوونی هەیە،بەڵام لەبەر ئەوەی هەژاران و بە جۆرێتر لە پلەنزمەکانن،لە بەر ئەوەی کچ و کوڕی بەرپرس و خاوەن کۆمپانیاو سەرمایەدار نین،پەراوێز خراون و لە کار دورکراون،گوێیان پێنادرێت،تا دەمرن بە ئاواتی گەشتن بە ئاواتەکانیانەوە سەر دەنێنەوە،تەنانەت هەندێ جار تاوانبار دەکرێن لە جیاتی پاداشت لە بەرامبەر کاری باش و دڵسۆزیی و ڕاستگۆیی و نیشتمانپەروەرییاندا، بەڵام سەدان کەسی دیکەی هیچ لەبارانەبووی تەمەڵ و گەندەڵ و خەواڵوی خاوەن پارەو خاوەن

پشت و خاوەن واستەو خاوەن بەرپرس،لە پلەی باڵادان و كاری زۆر شیاویان دراوەتیَ و لەتەك ئەوەشدا زۆر خۆش ڕادەبویَرن و هەرچی پیَیانخۆش بیَت و بیانەویَت بۆیان فەراهەم دەبیَت،تا سەر ئیَسقان كارەكانیان بە گەندەڵیی ڕایی دەكەن،وڵات و نیشتمان دەفرۆشن و بازرگانیی بە ڕۆڵەكانی وەڵاتەوە دەكەن،گاڵتەیان بە كوردایەتی و نەتەوەیی و گەلپەروەریی دیَت و تەنانەت كاریش لە دژی دەكەن،هەموو بەها نیشتمانی و نەتەوەییەكان و فەرهەنگی میللی لە بەرمبەر پارەدا لایان سفرەو زۆریش بیَ نرخە،

ئەوەی گرنگە لیَرەدا ئەوەیە پاشایەكی دادپەروەرو زیرەك و وریا بیَتە مەیدان و دۆنگییەكیش لە كیَشەكان ڕاپەڕیَت و لە بن و تەمەڵیان بینَیَت و ئیتر كەسانی بەهرەمەندو بە تواناو دڵسۆزو نیشتمانپەروەر ئەگەرچی هەژارو لادیَی و ڕەش ڕووتیش بن جیَی كەسانی وڵاتفرۆش و دەستپیس و گەندەڵ و كەمتەرخەم بگرنەوە ئەگەرچی نەوەی دەوڵەمەندو بەپرس و سەرمایەداریش بن،بەم جۆرە كوردستان دەبیَتە وڵاتی ئاسودەیی و پیَكەوەژیان و زانستخوازو ڕۆشنبیران،وڵات دەبیَتە وڵاتیَكی كامڵی پیَشكەوتووی مەدەنی كە تەواوی تاكەكان هەست بە یەكسانی و ئازادی دەكەن،هەرچەندە لە باشوری كوردستان حكومەت كار دەكات بۆ پیَشڤەچوون بەڵام وەكو پیَویست نیەو شۆڕشیَكی شارستانیانەی بیَتوندوتیژیی دۆنگییانەی دەویَت.

بژی چەمكی كەسی شیاو بۆ شویَنی شیاو،نا بۆ خزمخزمیَنەو واستەكاریی و جیاوازیی نیَوان تاكەكانی كۆمەڵگا..بژی شۆڕشی یەكسانیی و پیَشخستنی وەڵات..

ماوەتەوە بیَژم پیَویستەو زۆریش پیَویستە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بە وردیی چاو لەو دراما بكەن كە هەزاران حیكمەتی ئیداری و حوكمڕانیی و یەكسانی و پیَشخستن و ئاوەدانكردنەوەی وڵاتی تیَدایە،سەدان حیكمەتی

نەمانی جیاوازیی نیَوان ژن و پیاو خانەدان و هەژارو هتد..تیَدایە،دە سەیركەن و كەمیَك سودی لیَوەرگرن با وڵاتەكەمان بكەینە چقڵی چاوی دوژمنان و گوڵی بەردەمی نەوەكانمان..چاكسازیی بكەن و یەكسانیی پیَشبخەن،

تیَبینی..ئەڤ بابەتە لە ژمارە ٨٢ی حوزەیرانی ٢٠١١ ی گۆڤاری (نیَوەند) بڵاوبوەسەوە،